کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
14-11-2007 20:51بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## تاهير محمدى تازه نوسەر چۆن بير دەكاتەوە؟ ... مەسيفى

لە سایەی ماندو شەونخونی هەندێک لە دلسۆزانی وشەی پیرۆزی کوردیدا، ئەمرۆ مالپەرەکان بونەتە سەکۆیەکی ئازاد کە مرۆڤ بەر لەئێستا لەهیچ کات ولە هیچ شوێنێکدا بەم کەشو هەوا ئازادە ئاشنا نەبوە، هەمو کەسێک دەرفەتی بۆ ڕەخساوە ئەوەی لە میشکی دا دەخولێتەوە بیخاتە بەر چاوی خوێنەران، ڕۆژانە کەسی ئازاد وتینوی وشەی پیرۆزی کوردی لە هەمو کونجەکانی ئەم زەویە پان و بەرینەدا لەسەرئەم بستۆکەی مۆنیتۆری کۆمپیۆتەردا کۆدەبنەوە، بە کلیک کردن ئەم سەرو ئەوسەری مالپەرەکان دەکەن بۆ هەوال وداهاتە نوێکانی دونیا سوردەخۆن.

لە ئاکامی سود وەرگرتن لەم کەشو هەوایە، ڕۆژانە چەندین بابەت و چەندین نوسەری تازەمان بەرچاودەکەوێ، کە زۆربەی هەرەزۆریان لە خزمەت کێشەی میلەتەکەیاندا دەنوسن و بیر دەکەنەوە (بەدەر لە هەندێک بیر جاش) کە ئەمانیش بە پەنجەی دەست ئەژمار دەکرێن. (چەم بێ چەقەل نابێ)

کاتێک مرۆڤ بابەتێک دەبینێ هەم لە روی زمانەوانی هەم لەروی بیرکردنەوە لاواز ونزم ئاستە ئەگەردەرفەتی وەلام دانەوەی هەمویانیشمان نەبێ بەلام وەلام دانەوە بۆ هەندێکی کە لاوازیی وبێ مەسولیەتی سنورێک دەبەزێنن بە ئەرکیکی خۆمی دەزانم سوکە وەلام و ڕەتدانەوەیەک بنوسم ئەگەر سەری هەندێک لە برادەرو خوێنەرانیش بەم بابەتە لاوەکیانەوە دێشینم.

ئەو بابەتەی لەم نوسینەم دا مەبەستمە سوکە وەلامێکە بۆ کەسێک بە ناوی تاهیر محمد کە لە مالپەری کوردستاننێت ڕۆژی 2007-11-05 لەژێر ناونیشانی (پیرەکانی ئەوان گەنجەکانی ئێمە.... ) هەرچەندە ئەمە یەکەم نوسینی ئەم برادەرەیە من بەرچاوم دەکەوێ بەلام هیوادارم کە لە نوسین ولە خوێندنەوە بەردەوام بێ و ئەم ڕەخنە یەشم ببێتە هاندەرێک بۆ بەخۆداچونەوەو خۆدەولەمەندکردن لەروی زمانەوانی وبیرکردنەوەدا بەتایبەتی کاتێک دەست لەم بابەتە هەستیار وچارەنوس سازانە دە دات.

سەرەتا.. نوسینەکەی کاکە تاهیرمحمد سەرەرای لاوازیی لە روی دارشتن و زۆری هەلەی ڕێنوسی دا، ناوبراو کەوتۆتە مەلەیەک بە پێچەوانەی روباری میلەتەکەی، مەلەدەکات.

کاکە تاهیرمحمد ڕەخنە دەگرێت دەلێ کاتێک ئەمریکا ئێمەیان ڕزگار کرد بازگەکانی هەلگرت و ئێمەش بە گول باران پێشوازیمان لێ کردن، دیارە ناوبراو ڕۆژی ڕاپەرین بە ڕۆژی ئازادیی ئەم بەشۆکەی کوردستان نازانێ بۆیە ئاماژەی پێ ناکات ورۆژی هەلگرتنی بازگەکان بە ڕۆژی ئازادکردنی کوردستان دەزانێ ناوبراو ئەم هەلوێستەی گەلەکەی بەدل نیە، بۆ دەبێ هەمو میلەتێک خاوەن بەرنامەو هەلوێستی تاکتیکانەو پلانی پەردەپۆش بێ ئێمە هەمو شتەکانمان لەدەرەوەبن؟

دواتر هێرش دەباتە سەر گێی گارنەر بە وتەی ئەم کەسێکی کەلەکە بازو پیلانگێر بوە، بەلام ئەوەی لە گەلی کوردستان ئاشکرایە کە گێی گارنەر یەکەم دۆستی کورد بووە و هەر ئەویش بو لە کۆچ رەوەکەی 1991 پێشنیاری هێلی 36 ی بۆ کورد لە ئەمریکا کرد، کە دواتر بوە پەناگە وشوێن حەوانەوەی هەمو کورد وئازادیخوازان لە سایەی ئەم هێلە ئارامەدا کوردستان ئەو گەشەو ئارامیەی بەخۆوە بینی، بەلام وادیارە ئەوەی بۆکورد باش کار بکات دەکاتە پێچەوانەی بەرژەوەندیەکانی عێراق ولەگەل بۆچونەکانی کاکە تاهیریەک دەگرنەوە. دواتر هەمومان بەسەرکردایەتی و خەلکانی وشیاری میلەتەکەمانەوە ئەو ڕاستیە دەزانین کە تا بەرژەوەندیە کانمان لەگەل ئەمریکا یەک بن ئەوە ئەوان ئێمە بەدۆست وئێمەش ئەوان بە پشتگیری خۆمان دەزانین، هەر کاتێکیش بەرژەوەندیەکان لەیەک دورکەوتنەوە ئەوە خۆی لەخۆیدا کارەسات و تراژیدیایەکی ترە جا پێویست بەوە ناکات لەم ڕووەوە هیچ بلێین و هیچ بنوسین ئەمە ڕاستیەکە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
14-11-2007 20:51بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

کاکە تاهیر ئەوەی هانی داوە ئەم بابەتە بنوسێ کە نەیتوانیوە پەرۆشیی و بێزاری خۆی لە مەر بشارێتەوە دوو خال بون: یەکیان هەلوەشاندنەوەی سوپای عێراق کە بەدیدی ئەم دروست بونی تیرۆریستەکان لە ئەنجامی ئەم بریارە دەزانێ هەرچەندە ئەم پاساو بۆ تیرۆریستان دەهێنێ و بەم ناوەشیان ناوزەد ناکات، دەلێ لە ئەنجامی ئەو کاولکاریەو هەلوەشاندنەوەی سوپای عێراق خەلک بە ناچاری روی لە کاری توندو تیژی کرد (ئەو سوپایەی لە تۆقاندن وکاولکاری بترازێ هیچی بۆ ئێمە جێ نەهێشتوە تا شینیی بۆ بکەین کاکە تاهیر) ..

پەرۆشی دووەمی پێشنیارەکەی کۆنگرێسە بە دابەشکردنی عێراق بە سەر سێ هەرێم دا رەخنەی توند لە ئەمریکا دەگرێ، دەلێ بۆچی بۆ ئێوە ئاساییە چەندین نەتەوەو ئاین لە ژێر یەک ئالا کۆببنەوە بۆچی بۆ ئێمە ئاسایی نیە؟

کاکە تاهیر بۆ ئەمریکا پێشنیارێک دەخاتە رو دەلێ بۆچی ئێوە خۆتان دابەش ناکەن بۆچی پێشنیاری دابەشبونی ئێمە دەکەن؟

من تانها ئەم پرسیارەلە کاکە تاهیر دەکەم ئاخۆ ئەم چەندی بۆ میلەتەکەی کردوە تا بەم هەلوێستانەی سەرکردەو بنکردەکانی رازی نەبێ و لەخزمەت برا عەرەبەکانیدا هەلوێست وەرگرێ؟ لەکوێ و لە کام بوارجێ دەستی دیارە تا بچین بەسەری کەینەوە؟ من نامەوێ لە رابردوو حالی حازری ناوبراو بدوێم دەنا دەکرا نوسینەکەم روەو ئاقارێکی تر بەرم.

نازانم لەکەیەوە کورد ئەم جۆرە خەباتگێرە عێراقیستەی لێ هەلکەوتوە کە بە هەلوێستێکی ئەمریکا هەستی ببزوێو ببێتە نوسەر؟ لە سەر دابەشکردنی عێراق لە عەرەبەکان عێراقی تربێت؟ (برا عەرەبەکان گلەیی ئەوەمان لی دەکەن کە ئێمە جودا خوازین بەلام بەداخەوە چونکە ئەوان نازانن کوردی بخوێننەوە دەنا هیچ کاتێک ئەم گلەیانەیان لێ نەدەکردین ئەوە نیە سیاسەتمەدارو بیردۆزی وامان لێ هەلکەوتون کە بتوانن میللەتە کەیان لەم تەنگژەیە دەربازکەن؟) داخەکەم ئەم نوسەرەمان ناناسن هەر بۆ ئەم مەبەستە من بۆ کاکە تاهیر پێشنیارم ئەوەیە کە هەولی ئەوە بدات بە عەرەبی بنوسێ تا ئەم دلسۆزیەی بۆ عێراق بە فیرۆ نەچێ مێژو لە بیریان نەکات، ئەمەو کاک تاهیر وەکو سیاسەتمەدارێکی ئۆپۆزسیۆن، رەخنە لە کاربەدەست و سیاسەتمەدارانی کورد دەگرێت کە چۆن وا زو دەست خۆشیان لە هەنگاوەکەی ئەمریکا کرد کاتێک پێشنیاری دابەشکردنی عێراقیان کردبو.. ؟. (عەودالی بیر وبیرکردنەوە عێراقیانەکەت بم برای عێراقیستم.. )

پرسیاریشیان لێدەکات دەلێ خۆ ئێوە نوێنەری خۆتان نین نوێنەری میلەتێکن.. (منیش دەلێم بەلێ کاک تاهیر ئەوانە نوێنەری ئێمەن گەر ئێوەش بەنوێنەری خۆتانیان نازانن کاتێک پشتگیری لەم پێشنیارانە دەکەن ئەوا سالح موتلەگ و حارس الزاری دەرگایان کراوەیە بۆ ئەوانەی وەک جەنابتان بیر دەکەنەوە. ) لە کۆتایی دا دەلێم ئێمەو ئەوانەی بۆ ئەم رێگە چارەیە نوێنەرایەتیمان دەکەن بە یەک دەنگ وبەهاوارکردنەوە دەلێین هەزار جاری تر دابەشکردن، ئەمرۆش نەکرێت بەیانی هەردەبێ بکرێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.